# کۆنترین عیشقی ناو کۆنکەن
# یان عیشقێکی کۆنکرێتی

زانا سامان
(سلێمانی)

**بلیی قەرە**
ڕەشبوونەوەی دڵی عاشقێکە
هەمیشە بریندار کراوە.
..........
**بلیی کووپ**
سەودازدەی میهرەبانیی ژنێکە
لە نیانیدا سوور دەچێتەوە.
..........
**بلیی سینەک**
ئازاری ناو سینەی مەعشووقێکە
عاشقەکەی لێ بزربووە.
..........
**بلیی دینار**
خەجاڵەتە بەدەست بودجەوە
هەموو شتێکی خۆش دەوێت
وەزیران نەبێت.
..........
**کچی قەرە**
لە ئەنفال گەڕاوەتەوە و
چیرۆکی خۆشەویستەکەی دەنووسێتەوە.
..........
**کچی کووپ**
هێندە خۆی بە عاشق دەزانێت
ماچ بەسەر کوڕەکاندا دەبەشێتەوە.
..........
**کچی سینەک**
قەیرە کچێکی بەدبەختە و
گرێی ژیانی ناکرێتەوە و
هەمیشە خەو بە جلی بووکێنییەوە دەبینێت.
..........
**کچی دینار**
بە ماچێک ئاڵتوونی دەستکەوت و
بە خۆ ڕووتکردنەوەیەک
بوو بە سۆزانی.
..........



**کوڕی قەرە**
زۆرترین ئازارەکانی دڵداری
لەخۆیدا شاردۆتەوە و
برەویش بەهیچیان نادات.
..........

**کوڕی کووپ**
هێندە جوانی تێدایە
بۆی بووە بە گرفتێکی هەمیشەیی ژیانی.
..........

**کوڕی سینەک**
لە چاوەڕوانیدا ڕوواوە
مەیلی گەڕانەوەی هەیە
بۆ لای بەرائەت.
..........

**کوڕی دینار**
حەزی بە سەروەتی دنیا نەماوە و
ئەڤینداریێکی گەرەکە.
..........

**پیاوی قەرە**
شکستی جەنگەکانی
لەناو جەرگیدا شاردۆتەوە
..........

**پیاوی کووپ**
لەنێوان شەڕ و عیشقدا
سەری لێ شێواوە
بۆیە دەستی بە خوێن سوور بووە.
..........

**پیاوی سینەک**
قەشمەرێکە
درۆ لەگەڵ ناخیدا دەکات و
ناتوانێت لە جەللادی خۆی بچێتە دەرەوە.
..........

**پیاوی دینار**
دەبێت لە سێدارە بدرێت
مێژوو دەڵێت:
ئەو بوو گەندەڵی نایەوە و
عیشقی گۆڕیوە بۆ پارە.

**تێبینی:**
ڕەنگە ئەم شیعرە نزیکییەکی لەگەڵ بیرۆکەی ڕۆمانی (نهێنی یاری کاغەز)ی (یوستاین گاردەر) هەبێت، بەڵام لەژێر کاریگەریی ئەو ڕۆمانە نەنووسراوە و ئەم تێبینییەم لەسەر داوای چەند برادەرێک نووسیوە.